**به ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**به ناوی گەلەوە**
**ئه نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بـــڕیـــار : ٦**
**ڕۆژی بـــڕیـــار : ٢٠٠١/٥/٢**

**(( بـــڕیـــار ))**

پشـــــت به حوکمەکانی بڕگە (أ) له ماددەی (٥٦)ی یاسای ژماره (١)ی سالّی (١٩٩٢)و ، لەسەر داواکردنی ئەنجومەنی وەزیران ، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لـه دانیـشتنی ڕۆژی (٢٠٠١/٥/٢) یدا ئەم بڕیارەیدا :

**ماددەی یەکەم :**

قەیدی تۆمـاری عـەقاری پارچـه زەویـی ژمـاره (٥/٢)ی موقاتەعـەی (٤٥) ــ ماسـیکی ، کـه ڕووبەرەکەی (٥٨٠) دۆنمەو به ژمـارەی ( ٢١ نیـسان / ١٩٩٦ و بـەرگ ٢٠٨ دهـۆك ) تۆمـارکراوه ئیلغا دەکرێو ، به ناوی وزارەتی دارایی و ئابوورییەوه بۆ حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان تۆمـار دەکرێتەوه .

**ماددەی دووەم :**

پێویسته ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیاره بخەنه بەرکار .

**ماددەی سێیەم :**

ئەم بڕیاره له ڕۆژی بلاّوکردنەوەی له (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێته بەرکار .

**د . ڕۆژ نـوری شـاوەیـس**
**سـەرۆکی ئه نجـومەنی نیشتمانیی کوردسـتانی عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان